شوێن پێکان به بێ من.. شیعری نەوزاد بەندی

ڕۆژانێک دێن و من لەوێ نیم
ئەو قۆناغەیشمان تێپەڕاند، ئازیز..
لەو تەنیاییەدا کێ ئەزانێ،
گەڵا غەریبیی دار ئەکا
یان دار غەریبیی گەڵا ..؟
لەو شارەدا ..بەرەبەرە
ئەبین بە تارمایی ..
کەس نازانێ ئێمە له تەمەن ئەڕۆین
یان تەمەن لە ئێمە ئەڕوا ..
هەرچۆنێ بێ ، یەکێکی تر بدۆزنەوە ..
لە منیش نەچێ ، قەیناکا ..
یان تۆ بڵێ، ئێمە لە یەکچوونمان کوا ؟؟
دوای چوار پێنج ساڵ کەسێ ئەڵێ،
جاران ئێرە پڕ بوو لە بەندەی خوا ..

شەوێک ئامێرەکان غەریبیم ئەکەن،
ژووری ئێشکگرتن،
زەنگێکم بۆ ئەکا ..
وەڵامی نادەمەوە ..
ئەترسم دڵی پڕ بێ و ..
فرمێسک شارەکە ببا ..
لەو ڕێڕەوانەی کە وامئەزانی
قەت تەواو نابن ..
سەدریەکی سپی،
وەک له سێدارە درا بێ،
بە شڵەژاویی تەماشام ئەکا ..
ئەو کارگوزارانەی
هەموو ڕۆژێ ئەمبینین،
ئێستا کێ سڵاویان لێ بکا ؟
وامئەزانی ئەو گۆڕەپانە،
هەتا هەتایە بێ فەرشی سوور
پێشوازیم ئەکا ..

ل□ بەردەم چاخانەیەکی سەفەریدا،
یەخەی خۆم ئەگرم،
پێی ئەڵێم ئەرێ کوا ؟
تۆ چل ساڵە،
بە دوای قاچاخچییەکا وێڵیت،
بە تولەڕێیەکا
بتگەڕێنێتەوە بۆ زانکۆ ..
ئەوا فەرمانگەیشت لە دەست دا ..
لە مەوقیفی پاسێکا،
یەخەی خۆم ئەگرم،
پێی ئەڵێم کابرا !
تۆ بەرنامەسازیت کردبوو
بۆ گەڕانەوەی مناڵیی،
ئەمڕۆ کۆڕی
هاوڕێ پیرەکانیشت لە دەست دا ..
ئاوڕدانەوە گرانترە یان ڕاکردن ؟
کەوتن بە زیندوێتیی باشترە یان مردن ؟
ئەو هەموو پێنوس و عەتر و کراسەت بۆچی بوو ؟
ئەو هەموو خەونەت لە چ چاوێ کڕیبوو ؟
ئەو ڕۆژەیە کە ئیتر پەلەپەل کردن تەواو ..
ئەو ڕۆژەیە کە ئیتر کاتژمێر تەواو ..
ئیمزا تەواو ..
عەتر و قۆڵۆنیا، تەواو ..
لە خاڵی ئەلفەوە بەرەو خاڵی با، تەواو ..
ئەو هەموو شیعرەت بۆ کێ نوسی بوو ؟
لاپەڕەکان ئازاد کە، با بفڕن .. بڕۆن ..
واز لە ووشە بێنە، کەوڵەکۆن ..!
دانیشە بە دیار دیژلەمە و
فرۆشگا دەسگێڕەکانی ناو کۆڵان ..
هەر تۆ نیت، ئازیز ..
ئەو دنیا فێڵبازە
هەمووانی هەڵخەڵەتان ..